## خولی یانەی پلە نایابەکانی ئەوروپا (شامپیۆن) ... ئەنوەر خەراجیانی




لە شەوی 7 – 8 / 3 / 2006 هەشت یاری گرنگ کرا لە نێوان یانە بەهێزەکانی ئەوروپا دا بۆ ململانی کردنی یاری کۆتایی، زۆربەی یانە بەهێزەکان نەیان توانی بگەنە دەوری هەشتەم بەتایی بەتی ئەو یانە بەهێزانەی کە لە خولی وولاتەکانی خۆیان لە پێش هەموو یانەکانەوەن وەك یەنەی شێڵسی لە ئینگلترا ویانەی بایەر مینشن لە ئەڵەمانیا و یانەی ئایند هۆڤن لە هۆڵەرندا و لیڤەرپوڵ لە ئینگلتر کە ساڵی پار توانی کاسی خولەکە بەدەست نهێنێت لە کۆتایی یاریەکەدا سەرکەوت بەسەر یانەی ئەسی میلانی ئیتاڵی بەگشتی شێوازی یاری کردن گۆڕان کاری زۆری بەسەر هاتووە، یاری فوتبۆڵ بووە بە دوو قوتابخانە لە جیهاندا قوتابخانەی ئەمەریکای لاتین لە گەڵ قوتانخانەی ئەورووپی قوتانخانەی ئەورووپی بووە بە دوو بەشەوە بەشی یەکەم قوتابخانەی ئینگلیز لە گەڵ وولاتانی تری ئەورووپی وەك ئیسپانیا و ئیتاڵیاو ئەڵەمانیا قوتابخانەی ئینگلترا جیاوازی هەیە لەگەڵ وولاتانی ئەورووپی چونکە وولاتانی ئەورووپی ڕەنگدانەوەی بەڕازیلیان پێوە دیارە، یانەکانی ئینگلترا زیاتر سیقە دەکەنە سەر شووتی درێژ بۆ پێشەوە بەڵام وولاتانی تری ئەورووپی بە پێچەوانەوە هەر بۆیە زۆربەی یانە بەهێزەکانی وولاتی ئینگلترا زۆر بە نارەحەت لە یانەکانی تری وولاتانی تر دەبەنەوە. یاری زانانی بەڕازیل بە کشتی توانای یاری کردنیان نییە لە ئیگلترا چونکە شێوازی یاری کردن جیاوازە لەوێ هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە یانە بەهێزەکانی ئیگلترا شکستان هێنا لە خولی هەشتەمدا. ئەم یانانە ماونەتەوە بۆ خولی هەشتەم

1. بەرشەلۆنە / ئیسپانیا
2. لێۆن / فەڕەنسا
3. بەنفیکا / پورتوگال
4. ئەرسناڵ / ئینگلترا
5. ئەسی ملان / ئیتاڵیا
6. یۆڤانتس / ئیتاڵیا
7. ڤیلە ڕیاڵ / ئیسپانیا
8. ئەنتەر میلان یان ئایاکس ئەمیستردام

بە بۆ چوونی شارەزایانی وەرزشی یاری کۆتایی یانەی بەرشەلۆنە دەمێنێتەوە







